

# حزب یان سەرو پیّ خانە

**عەلی مەحمود محەمەد ٢١-٤**

**ژنێکی بەغدایی ڕوو لە یەکێك لە کەنالە تەلەفزوێنەکان وتی ٣٥ سالە تێرمان لە وێنەی سەدام خوارد ئێستا وێنەی دەمو چاوی نوێمان بۆ هاتوە. بەلاّم ئەم ولاّتە کاری بە وێنە دەڕواتە پێشەوە. دوای وێنەکان سەدام کۆمەلە وێنەی سەرکردەی زیندوو جیێگەیان گرتەوە نازانم ئەوە بارەگای حزبە یان چیێشتخانەی سەرو پیّ. هەمو ئەوانەی وێنەی سەدامیان هەلە گرت بیّ وێنە ناژێن زوو وێنەی دیکەیان هەلواسی. محەمەد زبێدیش یەکەم کەس بوو لە بەغدا خۆی لە بان شان جەماوەر بینیەوە ٢٠-٤، بەلاّم بەداخەوە پێی دەچێت دەم و چاوی بۆ هەلواسینی وێنە بە کەلك نەیەت بۆیە پێویستە لادرێت. هەر ئەو ناشرینی یەی ئەحمەد حەسەن بەکر بوو سەدامی کرد بە دەسەلاّتدار. ئەو خەلکە ٣٥ سالە هەر وێنە هەلەواسێت تازە فێری وێنە لە ژێر پیّ نان بوە ترسی ئەوە هەیە دوبارەی بکاتەوە. خەفەت لەوەشدایە ئەم هەموو کەلەسەرەی هەلواسراوە لە ناو یەك مەنجەل جیێگەی نابیێتەوە.**

**سەرانی کوردیش یەکەم دیاری دەستیان لە گەڕانەوەیان بۆ ئەو شارانەی لە ژێر دەستی بەعس بوو خەلکەکەی بە داخەوە لە کەلەی سەری نویّ و تالاّن زیاتریان نەبینی. خۆزگەم یەك دوو سکرتێری وەك تانسۆ چیلەرو سۆنیا غاندیمان هەبوایە بۆ هەلواسینی وێنەکانیان بەخوای لە وێنەی کەلەی سەری پیاو بێزار بوینە. هیوادارم ڕەحمێك بەم ئۆمەتە بکرێت حزبەکان لە حزبی کەلە سەرەوە ببنە حزبی بەرنامە. بەلاّم وابزانم ٤٤٠٠٠ وێنەی ئایەتولاّکانی حەوزییەی بیّ ئەقلی نەجەف بە ڕیشە بیّ لەزەتاکانیانەوە کە لە یەکتری جیا ناکرێنەوە وا دەکات خۆزگە بە کەلەکە لە ژێر پێنراوەکەی سەدام بخوازینەوە.**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.